# سێکس و سیاسەت

**عەزیز ڕەئووف**

"435ژن لە لایەن بەرپرسەکانیانەوە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر"

ڕۆژنامەی ئاوێنە"ژ.98"

پەیوەندی نێوان سێکس و سیاسەت پەیوەندیەکی فراوان و لەمێژینەیە. ئەم پەیوەندیە پەویوەندیەکی تەواو ئاڵۆز و پڕ گۆڕان و جیاوازییە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر. بۆ نمونە لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە لەو چرکەساتەی کە جەستەی ژنان حەڵاڵ دەکرێت بۆ ئەسحابەکان، تا دەگاتە سەردەمی خەلیفەکان هەمیشە زۆرێك لە داستانی بوونی چەندین کەنیزەك و مێگەلێك ژن بەدەوری خەلیفەوە دیاردەیەکی تەواو دیاری مێژووی خەلافەتی ئیسلامیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لێرەوە زۆر بەسانایی هەست بەو ڕاستیە دەکەین کە لەنێوان نێرینەی لەش زبری دەسەلات و جەستەی نەرمی مێینەدا بەیەکگەیشتنێکی نائاسایی هەبووە. هەمیشە پادشا و مەلیکەکان چێژیان لەوە بینیوە زۆرترین ژن لە کۆشکەکانیاندا بوونی هەبێت. هەمیشە میرەکان بەوە دڵخۆش بوون کە چەنین کچی نێوەرووت باوەشێنیان بکەن، ئەمەش حەزێکی تەواو نەرجسیانەی کارەکتەری نێرینەی نێو دەسەلاتە یەك لەدوایەکەکان بووە بەرامبەر بە جەستەی مێینە.

ئەم پەیوەندیەی نێوان سێکس و دەسەلات لەسەردەمی بەعسیزمدا دەگاتە لوتکە. زۆرێك لە شایەتحاڵەکان ئەوە دەگێڕنەوە کە عودەی سەدام حسێن چێژی لەوە بینیوە کە لەنێو کۆمەڵێك ژندا سەما بکات و بە دەمارچەکەی دەستیشی تەقە بە ئاسماندا بکات. تەنانەت عودەی چەندین جار لەگەڵ کچاندا سێکسی کردووە و دواتریش بەدڕندانەترین شێوە ئازاری جەستەییانی داوە و تەنانەت بە مەرگیشی دەسپاردون.

پرۆسەی ئەنفال پڕە لە چەندین چیرۆکی پڕ تراژیدیای نێوان سێکس و سیاسەت. زۆربوون ئەو کیژە کوردانەی کە بە کۆمەڵ بران و لە زیندانەکانی بەعسدا لاقە کران و تەنانەت هەندێکیشیان لێ ناردن بۆ مەلهاکانی مسر و وڵاتانی تر. ئەنفال پڕە لە تراژیدیای لاقەکردنی ژنان لەلایەن جەلادەکانەوە.

بۆیە حەزێکی لەڕادەبەدەری سێکسی لەلایەن پیاوانی دەسەلات دەبینرێت. ئەمەش وەك ئەوەی کارەکتەری سیاسی بیەوێت پێمان بڵێت کە من دەستم دەگات بە هەموو شتێك تەنانەت جەستەی ئافرەتیش. وەك چۆن جەلادی بەعس چێژ لە سێکس و وەردەگرێت، هێندەش چێژ لە کوشتنی کارەکتەرێك دەبینێت کە بۆ چەند خولەکێك لەگەڵیدا سێکسی کردووە.مێژووی بەعس پڕە لەم چیرۆکە تراژیدیا ئامێزانە.

دوای ڕاپەڕین لوتکەی پەرەسەندنی نێوان سێکس و سیاسەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بەرپرسانی کورد وەك جەلادەکان نایەن دوای سێکس جەستەی ژنان بە مەرگ بسپێرن بەڵام ئەوان دێن و پلەو پایەی دەسەلات ئیستغلال دەکەن بۆ گەیشتن بە جەستەی ژنان.

دوای ڕاپەڕین و لە چرکەساتی هاتنە سەر دەسەلاتی کارەکتەری کوردی، ئیدی پەیوەندی نێوان سێکس و سیاسەت بە تەواوی هەست پێدەکرێت. لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و بارەگا حزبیەکاندا بە ئاستەم دەبیندرێت بەرپرسێکی ئەم وڵاتە سکرتێرەکەی ئافرەت نەبێت. ئەمەش تەواو بەو ڕاستیە ئاشنامان دەکات کە بەرپرسی کوردی زۆرێك لە حەزە سێکسیەکانی لە شاخ سەپرێس کردووە و گەنجێتی خۆیان بۆ شۆڕش دۆڕاندوە. ئیستا کە ئەوان خۆیان لە پشت مێزەکانەوە دەبینن ئیدی پلەو پایەی سیاسی و حکومی خۆیان دەکەن بە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە جەستەی ژن کە لە شاخ پێی ئاشنا نەبوون .

مانشێتی ژمارە 98ی ڕۆژنامەی ئاوێنە تەواو توشی شۆکی کردم." 435 ژن لە لایەن بەرپرسەکانیانەوە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر". ئەم هەواڵە بەبڕوای من گرنگترین و ترسناکترین هەواڵی ئیستەی کۆمەڵگەی کوردیە کە پێویستی بە لەسەر وەستان و تێڕامان هەیە. هەواڵێکە کە تەواو وەئاگامان دەهێنێتەوە بە ڕەفتاری زۆرێك لە بەرپرسانی ئێمە لە ئازاردانی جەستەی کارەکتەری مێینە، ئەمەش لەلایەن زۆرێك لەو بەرپرسە نیشتمانپەروەرانەی کە بەناوی شۆڕشگێڕییەوە مۆنۆپۆلی کۆمەڵگە دەکەن.

دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنانی کورد لەلایەن بەرپرسانی کوردەوە هەروا دیاردەیەکی سادە و ساکار نیە بەرامبەر لە کارەکتەرگەلێکی مێینە ئەنجام درابێت، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکە کە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە و دیاردەیەکی تەواو دەستەجەمعیە. سانا نیە قبوڵی بکەیت کە بەرپرسێکی ئەم وڵاتە بە زۆر دەستدرێژی بکاتە سەر ژنان و لە هەمانکاتدا کارەکتەرێکی تەندروست بێت و بیەوێت بەناوی ئێمەوە بڕیاری سیاسی بدات. لەدوای ئەم هەواڵەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەکی کە کۆمەڵکێك کارەکتەری نەخۆش لە ڕووی جەستیەییەوە مۆنۆپۆڵی ئۆفیسەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیان کردووە. بەرپرسانی ئێمە بەوەوە ناوەستن کە لە ئێمە خواپێداوتر و دەوڵەمەندتربن، هەر بەوە ناوەستن کە ئۆفیسەکان پڕ بکەن لە گەندەڵی، بەڵکو ئیدی ئێمە لەبەردەم بەرپرسگەلێدایین کە دەیەوێت بە ڕۆژی ڕووناك لاقەی کچانی ئەم وڵاتە بکات و کەسیش ورتەی لێوە نەیات. ئەوان باش دەزانن کە کۆمەڵگە بەرامبەر زۆرێك لە دیاردە دزێوەکانی وەك گەندەڵی و بە ناتەندروستی دەوڵەمەند بوون بێدەنگن. ئیدی وەك هەر دیاردەیەکی تری نێو ئۆفیسەکان بەرپرسانی ئەم وڵاتە لاقەی مێینەکان دەکەن و یاسایەکیش نیە بتوانێت وەها بەرپسێك ڕاپێچی دادگا بکات.

بێدەنگی کۆمەڵگە بەرامبەر بە بەرپرسگەلێك کە لاقەی مێینە دەکەن بێدەنگیەکی تەواو ترسناکە. بێدەنگیەکە تەواو لاقەکردنی ژنان لەلایەن بەرپرسانەوە دەکاتە شتێکی ئاسایی، ئیدی دەبێت کۆمەڵگە چاوەڕێی چەندین عودەی بکات بۆ لاقەکردن و ئازاردانی جەستەی ژنان.